
# عێراق: ڕەوشێکی نویێ .. ئاراستەیەکی فرە جەمسەر؟

نوسینی: تەها سلێمان



عێراق بەڕەوشێکی نوێدا دەگوزەرێ و ڕووداو پێشهاتەکانی خێران، ئەو ڕووداوو پێشهاتانەش فرجەمسەرو فرە رەنگن و ناکرێ هەروا بەئاسانی بەسەرماندا بگوزەرێت و لایەنە جۆراو جۆرەکانی شی نەکرێتەوە. بێگومان ئەم ڕەوشە نوێ و ڕووداوو پێشهاتەکانی دوو تویێ و فرە جەمسەری و ڕەنگی یەکانی ، زیاتر لەهەموو کاتێ دەرەنجام و دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکانی 2005/12/15 پانزەی دوانزەی دوو هەزارو پێنجن، کە تاڕادەیەك هاوکێشەکانی پێشووی تێکشکان و هاوکێشە گەلێکی تری نوێی هێنایە پێشەوە. چونکە ئەگەر هەڵبژاردنی پێش 2005/12/15 بەهەمووماناییەك لەنێوان لیستی ئیئتلاف و هاپەیمانیدا، چڕبوویەوەو سەرەنجام ئەم دوولایەنە براوە حکومەتی ڕاگوزاری عێراقیان پێك هێناو یارییان بە ئاراستە سیاسیەکانی عێراق لەبەردەم ڕۆشنایی ڕووداو پێشهاتەکاندا دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ و دوای هەڵبژاردنەکانی 12/15 /2005 پێنج لیستی بنەڕەتی ( ئیئتلاف، هاوپەیمانی، توافق، ئەلعراقیە، حوار وەتەنی) لەسەر ڕووداوو پێشهات و ئاراستەکان یاری دەکەن و مومکین نیە ڕۆڵی هیچ لایەك پەراوێزبخرێ. ئەگەر بمانەوێ تابلۆی ئەم ڕەوشە نوێ و فرە جەمسەرو فرە ڕەنگە ڕوون بکەینەوە، بەچڕکردنەوەیەکی سیاسی و بابەتیانە بەم شێوە دەبێت(لیستی ئیئتلاف کەم و زۆر لە ژێرکاریگەری ئێرانایەو بێجگە لەخیلافاتەکانی لەگەڵ لیستەکانی تر ، توشی جۆرەها خیلافی گەورەو بچوك بوە لەناو خودی لیستەکەی خۆی کەپێك هاتوە لە حزب و ڕێکخراوەکان و گروپە شیعیەکان، لەسەرویانەوە ئەنجومەنی بالاّی شۆڕشی ئیسلامی عبدل عەزیز حکیم و حزبی دەعوە بەسەرکردایەتی جەعفەری و ڕەوتی سەدر بەسەرکردایەتی موقتەدا سەدرو حزبی فەزیلە بەسەرکردایەتی نەدیم جابری و کوتلەی سەربەخۆکان بەسەرکردایەتی شەهرستانی)، ئەم پێنج کوتلە سەرەکیەیی ناولیستی ئیئتلاف هەیەك بەئاراستەیەك کاردەکەن و دەیانەوێ ببنە دەم سپی ئیئتلاف و پڕۆژە شیعیە-ئیسلامیەکانی خۆیان بچسپێنن و هەژمونی شیعەگەرێتی بەسەر عێراقدا بسەپێنن.هەرچی سوونەکانیشە لەژێر چەتری لیستی( توافق و حواروەتەنی )داو بەپاڵپشتی ناوەندەئیسلامیە جیهانی و هەریمایەتی یەکان (سونیزم)، کاربۆ ڕەتکردنەوەی هەژمونی شیعەگەرێتی ئیئتلاف و ڕێکردنەوەی بواری کارای سوونە بەشێوەیەکی بەرچاو لە پێکهێنانی حکومەت دەکەن، ئەگەرچی ڕێژەی دەنگ و کورسیەکانی سوونەکان لەبار نیە بۆ ئەوەی پنتەکانی پڕۆژەی سوونەگەرێتی خۆیان بهێننە دی، کەچی بەدیوە لۆژیکی و بابەتیەکەی سیاسەتدا دەتوانن گەمەی بردنەوەی هەندێ دەسکەوتی سیاسی بکەن .لیستی ئەلعراقیەش کە علاوی سەرکردایەتی دەکاو کۆمەڵێك حزب و ڕێکخراو گرووپی سیاسی چەپ و عیلمانی و دیموکراسی خوازو پێشکەوتنخوازو کەسایەتی دیارو جیاجیا دەگرێتە خۆ، سەرەڕای دژایەتی سەرسەختی ئیئتلاف لەبەرامبەریدا بۆ بەشداری کردنی لەحکومەتداو جیاوازییەکانی لەگەڵ بەرەی سونەکان، بەلاّم بەپاڵپشتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و لیستەبراوەکانی تر بەتایبەت لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بوەتە ئەمری واقیع و بوەتە هێڵی سووری پێکهێنان یان پێکنە هێنانی حکومەتی نوێی عێراقی. لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەناو ئەم تابلۆو هاوکێشەیەدا، بیجگە لەیەکگرتووی ئیسلامی کە(5) پێنج

کورسی بەدەست هێناوە، ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی هەیە و کارتێکی بەهێزیشە ئەگەر سەرکردایەتیەکەی بتوانێ قورسایی سیاسی ئەوڕۆڵ و پێگەیە بەئاراستەکی تەندروستدا ببا). ئەمریکاش ڕاستەو خۆو جیاواز لە میکانیزمی پێشووی لەپێکهێنانی حکومەتی ڕاگوزاریی عێراق، هاتوەتە ناو هاوکێشەکەوەو لەڕێگای گووتاریێی ئاراستەکراوی چڕەوە دەیەوێ بەسەرجەم هێزەکان بڵێ من نەخشەیەکی کاربۆ کراوم هەیەو بەزاندنی هێلەسوورەکانی ئەو نەخشەیە دەبێتە مایەیی قبوڵنەکردن. بەمانایەکی ئەمریکیەکان دەیانەوێ بڵێن ئێمە لەهەموو کەس زیاتر مافی یاری کردنمان لەگەمەی سیاسی عێراقدا هەیە و هەرکاتێکیش بزانین ئاراستەی گەمەکا لەبەرژەوەندیمان نەبێت ، ئەوا ڕای دەگرین و گڵۆپی سوور هەڵدەکەین، وەك لەتازەترین پێشهاتدا ئەم ئەزموونەیان دووبارەو دووپات کردەوە. ئەگەرچی من بۆخۆم پێم وایە ئیئتلافی شیعە بەهەڵە لەم ئاراستە سیاسییەیی ئەمریکیەکان گەیشتبوو، ئەوان پێیان وابوو مادامەکێ ئەمریکیەکان لەپێکهێنانی حکومەتی ڕاگوزاری پاش هەڵبژاردنی یەکەمی دوای لەگۆڕنانی دەسلاتی (بەعس)، لەشیعەکان گەڕان لەگەڵ کورد ڕێکەون و چمکی تابلۆو هاوکێشەکان بەئارەزووی خۆیان ڕکێشن، ئەوا دیسان و لەم خولەشدا کەئیتر خولێکی هەستیارو یەکلاکەرەوەیە لەدیاری کردنی ئایندەی سیاسی و دەسلاتداریێتی عێراقدا، بەهەناسەی پێشوویان سەردەکەون و دەتوانن ئەوەی کەمەبەستیانە بیهێننە پێشەوەو ئەوەشی کەمەبەستیان نیە پەراوێزی بخەن و دووری خەنەوە. من وای بۆ دەچم لیستی هاپەیمانی کوردستان و توافق و ئەل عێراقیە و حواروەتەنی و لیستە سەرکەوتوەکانی تر تەنانەت ئەگەر بەتەنیا کورسیەکیش بێت، مامەڵەیان لۆژیکی تروبابەتی ترو سیاسی ترە، بەبەراورد لەگەڵ سیاسەتەکانی لیستی ئیئتلاف و باگراوەندە شاراوەکانی لەڕووی ستراتیژ و تەنانەت سیاسەتی ئێستاشیەوە. چونکە ئەگەرلیستی ئیئتلافی عێراقی پرۆژەیەکی لۆژیکی و بابەتی بۆ مامەڵە لەگەڵ بۆشایی سیاسی و پێویستیەکانی عێراق هەبوایە ، ئەوا دەبوو هێڵی ڕاست و چەپ بەسەرهیچ لایەن و کەسێکدا نەهێنێ و لەدەرەوەی بیرۆکەی سەپاندنی هەژمونی شیعەگەریێتی بەسەر عێراقدا ، بیربکاتەوەو جوڵەی سیاسی خۆی بکا. ڕێك ئەم سیاسەتکردنەی ئیئتلاف و سەرکردایەتی دەستڕۆیشتووی ناو ئیئتلاف ، ڕەوشێکی نوێی هێنایەپش و گریمان و ئەگەرەکانی گرەوی هەڵپەکانی ئیئتلافی تێکشکان و ناوەڕۆکی واقیعی هاوکێشەی سیاسی عێراق و ململانێکانی خستە سەرەوەو توخمو ڕەگەزەکانیشی کردە میکانیزمی بنەڕەتی جوڵە سیاسیەکان. ئەگەر بمانەوێ ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون بکەینەوە ، ئەوا دەتوانین سەلمێنراو بێنینەوە پێش چاوی خۆمان، وەك: لەلایەکەوە نزیك بوونەوەی لیستی هاوپەیمانیو تەوافق و ئەل عێراقیە و حواروەتەنی و زۆرێك لەکەسایەتیە سیاسیەکانی عێراق لەیەکتری و بیرو ڕاکان سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و لەلایەکی تریش فراوانبوونی دەخاڵەتی حکحومەت و ناوەندی فرەجۆر لەهاوکێشەکەو لەلایەکەی تریش وە لەجێگایەکی ئەم بابەتە ئیشارەتمان پێکرد هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆو هتد یانی ئەگەر ئیئتلاف کاری بۆ تەریکردنەوەی لایەنە سەرکەوتوەکانی هەڵبژارن نەکردایەو زەرورەتی ڕێکەوتنی لەگەڵدا بسەلماندایەن ، ئەوا پێنەدەچوو نەلیستی هاپەیمانی و نەتەوافق و نە ئەل عێراقیە و هتد بەدەخاڵەتەکانی دەورو بەریشەوە بەو شێوەو ئاراستەو قەبارەی ئێستا ، لەناو هاکێشەکە دەربکەوتایەن و بێمتمانە بوایەن بەرامبەر ئیئتلاف و ڕەوت و پرۆژە سیاسیەکەی بۆداهاتوو.

وەك لەسەرەوە وتمان ڕەوشی عێراق ڕەشێکی نوێیەو ئەم ڕەوشە نوێیەش فرە جەمسەرەو هەر جەمسەرێکیش کاریگەری و قورسایی خۆی هەیەو ناشکرێ لە ئایندەی نەخشەی سیاسی عێراقدا لەبەر چاو نەگیرێن. ئەکرێ بەم پرسیارانە ئەم ڕاستیە ڕوونتر بێتەوە: ئایا حکومەت پێك دێت ؟ ئەو حکومەتەی پێك دێت فرەڕەنگ و فرەدەنگ دەبێت؟ کام لەلیستەکان دەچنە ژێرباری قبوڵکردنی حکومەتێکی لەو چەشنەو کێ ناچێتە ژێرباری حکومەتێکی لەو چەشنە؟ ڕۆڵی ئەمریکا بەتایبەت و نێودەوڵتی بەگشتی و هەرێمایەتی چۆن و چی دەبێت لەم هاوکێشەیەدا؟ ئایا پێکهێنان و پێك نەهێنانی حکومەت یان دەخاڵەتی ڕاستەو خۆی ئەمریکیەکان پەیوەندی پرۆژەکانی ئەمریکاوەنیە لەناوچەکەدا ، بەتایبەت (ئێران ، سوریا، لوبنان، فەلەستین) یان بەپێەوانەوە؟ ئایا کوردو هێزی عیلمانی و دیموکراسی و چەپ و پێشکەوتنخواز ، بۆ داهاتوو دەبنە ڕووکنێکی سەرەکی و

پێکهێنەری ئەو ململانێیە و دەتوانن گرەو ببەنەوە؟زۆر پرسیاری تر ، کەبواری ئاراستەکردنیان لەم نوسینەدا جێی نابێتەوەو هەوڵدەدەین بەکورتی و بەسەر یەکەوە بەدوای وڵامی پرسیارەکانی سەرەوەدا بچین.

سەرجەمی ئەگەرو گریمان و خوێندنەوەکان وای نابینن حکومەت لەم ڕەوشە نوێ و فرە جەمسەرەی عێراقدا ، بەئاسانی بێتە دی و دروست بێت. بەواتایەکی تر پێکهێنانی حکومەت بۆسەرجەم لیستە براوەکان بەتەنیا ئەستەمەو نایەتە بەرهەم . کوردیش ئەگەر نزیکترین لیستێك بێت لە ئیئتلافەوە کەکاندیدی یەکەمە بۆ ڕاسپاردن بۆ بۆپێکهێنانی حکومەت ئەوا دەیان کێشەو گرفتی لەکابینەی پێشووی هاوبەشی نێوان لیستی هاوپەیمانی و ئییئتلاف هەبوە بەتایبەت (جەعفەری)، و هەروەها کێشەی کەرکوك و مەسەلەی فیدراڵی و کۆمەڵێك وردەمەسەلەی تر . کوردیش بەو هەندە کورسییەیی کەهەیەتی ناتوانێ حکومەت پێك بێنێ و لیستەکانی تریش هەروەها. هەرلەبەر ئەمەشە کوردو لیستەکانی تری وەك(توافق و ئەل عێراقیە ) و هتد.. وەك سەرەتایەك ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەڕەتی یەکێتی نیشتمانی و ڕێککەوتن بێت، بەپێچەوانەی بیرۆکەی پێکهێنانی حکومەت لای ئیئتلاف کەپێیان وایە پێکهێنانی حکومەت ئەگەر بۆیان بچێتە سەر نابێ سنووری بالأدەستی ئەوان تێپەڕێنێ و لەفراوانترین مەودادا، حکومەت لەسێ کوچکەی (شیعە-سوونە-کورد)پێك بێت و هاوکات لەپۆست و فەرمانڕەوایەتیدا پارێزگاری لە ناوی براوەی یەکەم لەهەڵبژاردنەکان بکرێ . کەتا ئەم ساتە ئەمەلای کورد و لیستەکانی ترو هەوڵە نێودەوڵەتیەکان و بەشێکی هەوڵە هەرێمایەتیەکان ڕەددەکرێتەوەو مایەیی قبوڵ نیە. بگرە پێ ئەچێ لەحاڵەتی ملنەدانی ئیئتلافدا ،لەداهاتوویەکی نزیکدا گفتو گۆکان بەئاستەی حکومەت لەگەڵ ئیئتلاف بگەنە بن بەست و ئەگەرەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی لەبنەڕتی ڕێککەوتن لەنێوان کۆی لیستە براوەکاند، دوور بخاتەوەو ڕوشە ئاڵوزتر بکاو بوار بۆ جەمسەر بەندییەکی نوێتر بێنێتە کایەوە، کەبەبڕوای من هیچ دوور نیە هەوڵەکانی ئێستای ئەمریکا پەیوەست بە کێشەکانی(ئێران و سووریاو لوبنان و فەلەستین) عێراق لەسەرووی هەموویانەوە، بۆکاراترکردنی ئەم ڕەوتەو هێنانە پێشەوەی بێت لەبەرامبەر هەرئەگەرێکی چاوەڕوانکراودا. بەلأم گرنگی پرسەکە لەوەدایە ئایا ئەم ڕە وتە لەشێوەی تەسلیمبوون خۆی بداتە دەم شەپۆلەکانی سیاسەتی ئەمریکاوە یان بەسوود وەر گرتن لەڕەوشەکەو ئەگەرو پێشهاتەکانی بەردەمی لەعێراقدا، خۆی بسلمێنێ و سەرکردایەتی ئەو دۆخە نوێیەیی تابۆی سیاسی عێراق بکا؟ بێگومان ئەگەری دووەم سەرکەوتووترە ئەگەرچی ئەمڕۆ زۆرترئەگەری یەکەم دیارەو ئەگەری دووەم بەو شکڵەی کەپێویستە ئامادەبوونی نیە. بۆیە دەبێ هێزە دیموکراسی خوازو چەپ و عیلمانی و پێشکەوتنخوازەکان، بەتایبەت کورد و سەرکردایەتیەکەی ئەم ڕاستیە لەبەرچاوبگرن و ئیشی لەسەر بکەن . ئەگەر لەم ڕەوشە نوێ و فرە جەمسەرەشدا نەتوانن گووتارێکی بابەتی و کاریگەر بچننەوەو هەنگاوی گرنگ بهاوێژن، ئەوا داهاتوو باجی زۆرترو قووربانی زۆرتری دەوێ.